له سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا *

## کاتێک کە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دەبێت بە هەڕەشە لە دەسەڵاتی حزبی؟

### سالار سۆفی

له باشووری کوردستاندا, حزبەکان بە تەواوی دەستیان بەسەر بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا گرتبوو. گەیشتنی کەسانی سەربەخۆ بە ناوەندەکانی بڕیار, لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا کە پەرلەمان ئاسا بەشکرابوو, کارێکی ئاسان نەبوو. لەوەش ستەمتر, هەڵوێستوەرگرتنی سەربەخۆیانە بوو لەسەر بابەتە چارەنووسسازەکان. بەم پێیە, چونکە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان خاوەنی هیچ هەلویستێک نەبوو, هەڵوێستی جووت بوو لەگەڵ هەڵوێستی حزبەکان و موو بە نێوانیاندا نەدەچوو.

پەڕینەوەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بۆ دەرەوەی وڵات, هەنگاوێکی پێویست بوو بۆ گەشەکردنی بزووتنەوەکە. چالاکییەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات, گوڕ و تینێکی زیاتری دا بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و لە چوارچێوە بەرتەسکەکەی خۆی هێنایە دەرەوە.

بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات, توانی ببێت بە دەنگی ڕاستەقینەی گەلی کورد و خواستەکانی بگەیەنێت بە وڵاتانی جیهان. زۆرێک لە پەرلەمانەکانی وڵاتان, حکوومەتەکان, باڵیۆزخانەی وڵاتەکان, ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و چەندین ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەری و مرۆڤدۆست و مافپەروەر و زۆرێک لە گەلانی جیهان لە ڕێگای چالاکییەکانی کۆمیتەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆمەوە بە خواستەکانی خەڵکی کوردستان بۆ سازدانی ڕیفراندۆمێکی ئازاد لە کوردستان و پرسپێکردنیان سەبارەت بە چارەنووسی سیاسیی خۆیان, ئاشنا بوون.

خەڵکانی سەربەخۆ, ڕۆڵی چالاک و بگرە پێشڕەوانەشیان هەبوو لە زۆرێک لە وڵاتاندا.

کاریگەریی ئەم پێشڕەوییەی خەڵکانی سەربەخۆی دەرەوەی وڵات لەسەر بزووتنەوەکە, لای حزبەکان, دوو ئەنجامی پێچەوانە بە یەکی دەدا بە دەستەوە. لە لایەکەوە زۆر شادمان بوون کە توانیویانە ئەو وزە شاراوانەی دەرەوەی حزبەکان لە بەرژەوەندیی حزبیی خۆیاندا بەکار بهێنن, ئەمەیان سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ ئەوان, سەرکەوتنێک کە ڕەنگە خۆشیان چاوەروانی نەبووبن. بەڵام لە لایەکی ترەوە, هەستیان دەکرد مۆتەکەیەک سەر سنگی گرتوون. مۆتەکەیەک کە هەڕەشە لە پیرۆزی ئەوان دەکات و لە پرۆسەیەکدا دووڕوویی ئەوان دەردەخات, مۆتەکەی لەدەست دەرچوونی بزووتنەوەکە و بوونی بە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ڕاستەقینەی ئەوتۆ کە لە دژی ویستەکانی خۆیان بوەستێت و چاوەڕوانییەکانیان لەم بزووتنەوەیە پووچ و بگرە پێچەوانەش بکاتەوە.

ڕابەرایەتیکردنی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لە لایەن خەڵکەوە, بە مانای بەرزبوونەوەی ئاستی جۆرایەتی داخوازییەکانیان بۆ ئاستێکی بەرزتر, ئاستێکی گەلێک بەررزتر لە داخوازی و بەرنامەی حزبە دەسەڵاتدارەکان, بەرزبوونەوە بۆ داخوازی ڕاستەقینە و لە مێژینەی گەلی کوردستان, داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

زۆربەی کۆمیتەکانی دەرەوە, جگە لە سەربەخۆییان جیاوازییەکی تریشیان لەگەڵ بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە ناوەوەی وڵات هەبوو, جیاوازییەکی گرنگ. هەڵگرتنی ڕاستەوخۆی دروشمی (سەربەخۆیی), خاڵی سەرەکیی جیاکەرەوەی زۆربەی ئەو کۆمیتانەی دەرەوە بوو لە کۆمیتەی کوردستان. ئەمەشیان لە دوو ڕووەوە لە دژی بەرژەوەندیی حزبەکان بوو. لە لایەکەوە بوواری بۆ حزبەکان نەدەهێشتەوە کە لە داهاتوودا گەمەی سیاسی بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و ئیمزاکان و دەسکەوتەکانییەوە بکەن و بۆ (فیدراڵی) و (یەکێتیی ئارەزوومەندانە) و وشەی داتاشراوی حزبیی تر بەکاریان بهێنن, لە لایەکی تریشەوە بە بەرچاوی خۆیانەوە و بە دەستپێشکەریی خۆیان, خەریکە بزووتنەوەیەکی مەزن گەشە دەکات و جەماوەر بۆ خۆی پەیدا دەکات کە ڕێک ئەو ئامانجەی هەڵگرتووە کە لە دڵی خەڵکی کوردستاندایە و ئەمان خۆیانیان لێ گێل کردووە. ئەم بزووتنەوەیە بەرەو کوێ دەڕوات؟!

دەرکەوتنی ئەو مەودا بەرفراوانە لە نێوان داخوازییەکانی جەماوەری کوردستان و حزبەکاندا, هەڕەشەیەکی گەورە دەبێت لە جەماوەرییبوونی هەردوو حزب و لە دەسەڵاتی ڕەهایان لە ناوچەکەدا و دواتریش لە بەرژەوەندییەکانیان.

حزبەکان لە دژی سەربەخۆیی کوردستان و گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی نین. دەسکەوتێکی لەم جۆرە, پێش هەر کەس و لایەنێکی تر لە بەرژەوەندی ئەواندایە. بەڵام چونکە حزبەکانی کوردستان, تاکتیکە سیاسییەکانیان ڕۆژبەڕۆژ بە پێی بازاڕی سیاسی دادەڕێژن و دەگۆڕن و ئەمڕۆش ئامانجی (دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان) بازاڕ و کڕیاری نییە, بۆیە لە بەرنامەیاندا نییە کار و خەبات بۆ داخوازییەکی لەو جۆرە بکەن.

ئەگەر چی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتی هەردوو حزبدا بە گشتی ناڕازی بوونە و هەمیشە سکاڵایان هەبووە, بەڵام چونکە ڕێکخراو نەبوون, هەرگیز نارەزایەتییەکانیان لە لایەن حزبەکانەوە بە هەند وەرنەگیراوە. لە ڕاستیشدا زۆربەی ئەو نارەزایەتییانە, جگە لە پرتەوبۆڵەیەکی کاتی و هەندێک نووسین کە بەشی زۆریان بە ناوی نهێنیشەوە دەنووسران, دەنگدانەوەیەکی تریان نەدەبوو. گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوانی وەک ڕیفراندۆم و دەرچوونی لە دەستی حزبەکان و بوونی کۆمەڵێک کەسانی چالاک و سەربەخۆخواز لە ڕابەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە و کۆمیتەکانی لە دەرەوەی کوردستان و لە هەمووشی گرنگتر بوون و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی گۆڕینی بە حزبێکی سیاسی, ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیی لە کوردستان بەتەواوی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو.

حزبەکان دەبوایە لە ڕێگاچارەیەک بگەڕێن, ڕێگاچارەیەکی دووسەرە. لە لایەکەوە هێندەی دەکرێت سوود لەو کەسە چالاکانە وەرگرن و وزە و توانایان لە پێناوی ئامانجە حزبییەکانی خۆیاندا بەکار بهێنن و لەلایەکی تریشەوە هیچ بڕیارێکیان لە دەستدا نەهێڵنەوە.

دەسەڵات و بەرژەوەندیی حزبیی هەردوو حزب, ئەو هێڵە سوورەیە کە هەرگیز ڕێگا بە بەزاندنی نادەن. ئەو هێڵە سوورەی کە سەرکردایەتی هەردوو حزب, (داستانەکان!)ی شەڕی ناوخۆیان لە پێناودا ئەنجام دا, ئەو هێڵە سوورەی پێشلەشکریی سوپا داگیرکەرەکانی عێراق و

ئێران و تورکیایان لە پێناودا کرد, ئەو هێڵە سوورەی کەرکوک و خانەقین و مەخموور و شێخان و شەنگار و بەعشیقە و مەندەلی و جەلەولا و کفری و دوز و چەندین شار و شارۆچکەی تری کوردستانی بە عەرەبکراوی و لە دەرەوەی سنووری کوردستان هێشتەوە, ئەو هێڵە سوورەی جارێکی تر باشووری کوردستانی (ئارەزووماندانە!) خستە ژێر ڕکێفی داگیرکەرانەوە.

---

* زنجیرە وتارێکی ڕەخنەگرانەیە, لە سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی ( بزووتنەوەی ڕیفراندۆم )دا, بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و خاڵخستنە سەر پیتەکان و پشتیوانی لە مافی ڕاپرسی بۆ گەلی کورد و لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. 2005/01

rengistan@yahoo.com